# بووکی کەرکوك

دکتۆر دەهام خدر مەحمود

پیشکەشە بە ( لەیلا) لەهەر کوێیەك بێت.

خۆشی و ژیان

ژان و مردن

دەست لە گەردن

دەست لێکبەردان

ماچ و ژووان

شەق و لێدان. .

عەشق و جوانی

دەردو هیجران

لەیلا گیان، هۆ دولبەرەکەم. .

گوڵەی چاوجوان

ئەی ئەو گوڵەی، بە نەزانی، بەسەرمەستی

بەسەر شێتی، دەمی لاوی ڕابردووی لە دەستم دای

من دەزانم، ئیتر تەواو و نادۆزمەوە

هۆ لەیلاخان. . . .

ئەی نێرگزە بۆنخۆشەکەی لاویم

گوڵەباخە ڕووسورەکەی زەمانی جوانیم

تۆ دەبینی لە دوورەوە

پاش چەند ساڵان

ئێستا زانیم، من هەڵە بووم

بەلێ و بەڵێ

من هەڵەبووم

ئەمڕۆکە کەرکوك پەرچەمی ڕەشی لاداو گوڕەی ئاگر و دەنگی ئاسمان

هاوار دەکەن

نا وانیە

تۆ لەگەڵمی، تۆ لە دڵمی

چۆن دەتووانم وونت بکەم ؟

کەرکوکەکەم، دولبەرەکەم

تۆ لە دڵمی

تۆ لە دڵمی

هلسنکی ٢٠٠٣

دکتۆر دەهام خدر – فینلەندا

**Daham_kheder@hotmail. Com**



www.kurdistannet.org
کوردستان نێت